کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-7-2007 23:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕێکخراوە دیموکراتیەکان لە نێوان سەربەخۆیی و کاریگەری حزبدا ... کەیفی مستەفا عەلی:



گومان لەوەدا نیە ڕێکخراوە پیشەیی و سەندیکاکانی کوردستان بە گەورە و بچووکی کارا و ناکارای، لەسەر خواستی چین و توێژەکان و بە دەستپێشخەری حزبەکان لە کوردستان دامەزراون، بەمەبەستی جیاو ئامانجی جیا، وەك ئامرازی کاریگەر لە بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و گشتییەکانی حزبەکان لە پرۆسەی ژیانی سیاسیدا، پشتیوانی ماددی و مەعنەویش بەشی هەرە زۆری لەلایەن خودی حزبەکانەوە دەستەبەر دەکرێت، ئەو لایەنەش بۆ ڕێکخراوەکان و حزبیش نە حەرامە و نە نەگیشە، بەڵکو دەستەمۆ کردن و بڕیاردان لەسەر وورد و درشتی ڕێکخراو لەلایەن حزبەوە بۆ هەردوو لایان کارێکی نادروستە.

لێکدانەوەی چەمکی سەربەخۆیی لەلایەن خودی ڕێکخراوەکان و ڕای گشتیدا لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکرێت، کاتێك ڕێکخراو ئیدعای سەربەخۆی دەکات لە کاری ڕێکخراوەیی ناتوانێت بە شێوەیەکی تەندروست و ڕاست ڕاقەی بکات لە بەرامبەر خودی ئەندامانی و ڕای گشتیدا، چونکە ئەندامانی ڕێکخراو مەرج نیە هەموویان سەر بە حزبێك بن، هیچ حزبێکیش لە دنیادا لە ڕابردوو و ئێستاشدا بە تایبەتی لە سەردەمی دیموکراسیدا نەیتوانیوە و ناشتوانێت سەرجەم خەڵك لە ئۆرگانەکانی حزب لە قاڵب بدات، بۆیە حزب پێویستی بە کەناڵی جیاو ئامرازی جیا و ئۆرگانی تری جیا هەیە تاکو بتوانێت ئەو ئامانجانەی کە خەباتی بۆ دەکات بە ئاکامیان بگەیەنێت، ڕێکخراوە دیموکراتیەکانیش باشترین کەناڵ و ڕایەڵەن لە نێوان حزب وەك داینەمۆو بە گڕخستنی سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە پێناو ئامانجە بڕیار لێدراو لە پێشینەکانی حزب بە مەبەستی گەیشتنی بە دەسەڵات و لەوێشەوە کارکردن بۆیان.

ئەرکی لە پێشینەی ڕێکخراوەکانە بتوانن پشتیوانی ماددی و مەعنەوی حزبەکان و بە تایبەتی حزبەکانی دەسەڵات بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن بە مەبەستی چاکتر خزمەتکردن و پاراستن و گەشەپێدانی بەرژەوەندی چین و توێژەکانیان، ئەوەی بەڵگە نەویستیشە لە بەرامبەر هەر مافێکدا ئەرکیش هەیە، ناکرێت حزب لە کوردستان پابەندی هەبێت و قسەی نەبێت ئەوە یۆتۆپیایە و چەواشە کردنی ڕاستییەکان و شێواندنیەتی بە تایبەتی لە بەرامبەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە مێژوویەکی شێوێندراوی سەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی و کلتوری بۆ ماوەتەوە بە حوکمی داگیرکاری و خۆ حوکم نەکردن، بەڵکو ئەوەی بەدی دەکرێت لە نێوان ڕێکخراوەکان و حزبدا ڕێکنەخستنی پەیوەندی نێوانیان و فۆرمەڵە نەکردنی و شێواوی میکانیزمی پەیوەندی نێوانیانە. پێویست دەکات مەکتەبەکانی حزب کۆنگرە و کۆنفراسی دەوری ئەنجامبدەن بە بەشداری ڕێکخراوەکانیان کە خۆیان سەرپەرشتیان دەکەن و پەیوەندیان لە گەڵیاندا هەیە و دارشتنی بەرنامەو پەیرەَوی تایبەت بە کاری ڕێکخراوەیی و مەکتەب و ڕێکخراوەکان و گونجاو لەگەڵ پەیرەو بەرنامەی بڕیاردراوی حزب لە کۆنگرەدا.

ئەرکی مەکتەبە حزبیەکانە هەڵواسراوترین و لە خۆ بووردووترین و خۆشەویسترین کادر بۆ چین و توێژەکانیان کاندید بکات و پشتیوانی لێبکات و بواری ئازادیش بۆ کەسانی تر خەفە نەکات، چونکە بەرهەمە سلبی و ئیجابیەکانی کاری ڕێکخراوەیی لە کۆتاییدا دەرژێنە دەریای حزب، بۆ مسداقیەتی ڕێکخراوەکان باشترە کە پابەند بن بە پەیڕەو بەرنامەکانی کۆنگرەکانیان لە بەستنی کۆنگرە لە ماوەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دیاریکراوی خۆیدا کەچی زۆربەی ڕێکخراوەکانی کوردستان بۆ ماوەی چەندین ساڵە کۆنگرەی خۆیان ئەنجامنەداوە و لەلایەن چەند کەسێکی دیاریکراوەوە کۆنترۆڵ و بەڕێوە دەبرێن کە ئەو لایەنەش گیانی زیندووی زۆربەی ڕێکخراوەکانی گەیاندۆتە قۆناغی گیاندان، پێویستە مەکتەبەکان هاندەر و پشتیوانی ڕێکخراوەکان بن لە بەستنی کۆنگرەکانیان و گۆڕاندنی دەم چاوەکانی بەردەوامی سەر ڕێکخراوەکان، بێگومان بەردەوامی ئەنجامدانی کۆنگرەکان لەکاتی خۆیدا خەرمانی کلتوری دیموکراسی دەوڵەمەند دەکات و پابەند بوونیشە بە بنەما هەرە گرنگەکەی دیموکراسی لە دەستا و دەستپێکردنی دەسەڵات و ڕازیبوون بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کە ئەو لایەنە ڕەنگدانەوەی پۆزەتیفی دەبێت لەسەر حزبە سیاسیەکان و دەبێتە نەریتێکی دیموکراسیانە و گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات و مانەوەو درێژەکێشانی هەمان دەم و چاو لە پۆستەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەبێ ئەنجامدانی کۆنگرە و کۆنفراسەکان سەرەتایەکی خراپە بۆ ئایندەی دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی، لایەنێکی تری سلبی سەرەرای حساب کردنی ڕێکخراوەکان لەسەر حزبەکان بەڵام کەمترین بەشداریان پێدەکرێت لە کاندید کردن بۆ پۆستەکانی پەرلەمان و حکوومەت و ئەنجوومەنەکانی پارێزگاو شارەوانیەکانیش و لە حزبیشدا بە نادیاری مانەوەی پلەی حزبی کادری ڕێکخراوەیی بە پێوانە کردنی بەرامبەر پلەکانی ئۆرگانەکانی حزب، کە دەبێت هەموو ئەو لایەنانەی لە سەرەوە ئامارەمان پێدا لە کۆنگرەی داهاتووی (ی.ن.ك) دا ئەو لایەنانە یەکلا بکرێنەوە و کادرەکانی ڕێکخراوەکانیش بەشداری کۆنگرەیان پێبکرێت و تاکو ئەو بوارەیان بۆ برەخسێت بۆچوون و ئایندەی خۆیان لە بەرنامەدا جێبکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.